# کوردانی سەر ڕێگا

گوزەرێک بە ناو مژارێکی دوور و درێژ کە لێرە دا تەنها بە کورتی تیشک دەخەینە سەر هێڵە گشتیەکانی ئەم مژارە.

**پرسیاری مژار:**

ئایا ئەم چەند بنەماڵەی بە ناونیشانی تورکمان کە لە باشوری کوردستان دەژین کێن و ئەم ناونیشانە نوێیەی لە چەند بنەماڵەیەک نرا لەگەڵ داگیرکاری عوسمانییەکان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئایا هۆکار چییە کە تا ئێستاش ئەم ناونیشانە بە بەشیک لەو بنەماڵانەوە ماوەتەوە؟ وە دەشپرسین ئایا چی وایان لێدەکات کە دەستبەرداری ئەم ناونیشەنە نەبن تا ئەمڕۆش؟

**کورد وەکو گەل لە سەر خاکەکەی:**

لەگەڵ سەرەتای هاتنی عوسمانیەکان و داگیرکاریەکانیان بەرەو کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین، کە بە درێژایی زیاتر لە چوار سەدە وەکو داگیرکەرێکی سەرسەخت حوکمی ناوچەکەیان دەکرد، ئەوەی لێرە دا مەبەستە حوکمی عوسمانیەکانە بە درێژایی ئەو چەند سەدەیە لە باشوری کوردستان ، کە ئێستا لکێنراوە بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراقەوە، ئەگەر ئێمە سەیر بکەین بە درێژایی ئەو زەمەنە لە حکومڕانی ناوچەکە دا، هەم تێکەڵاوی و هەم کاریگەری زۆریان لە سەر ڕەوشی کوردی باشوری کوردستان هەبووە وهەروەها بە پێچەوانەشەوە.

گەلی کورد لە چاخی چەند سەد ساڵەی پێشووی ئەگەر چی خاوەنی جۆرێک لە حوکمڕانی ناوچەیی خۆی بووە کە خۆی لە میرنشینەکان دا دەبینییەوە، هەروەها لە هەر سێ پارچەکەیتری کوردستانیش بەهەمان شێوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی وەکو گەل و نەتەوەکانی چواردەوری خۆی ئەم حوکمە لۆکاڵیە پاژ پاژ و پچڕ پچڕەی لە چوارچێوەی کیانێکی یەکگرتووی نیشتمانی دا یەک بخەن، کوردیش وەکو نەتەوەکانی دراوسێی بنجێکی ناسیۆنالیزمی کوردی ئاڤا بکات کە لە گەڵ فەرهەنگ و سروشت و نەریتی کوردی دا یەکانگیر بێت، وەکو فارس و تورک نەیتوانی لە چواچێوەی دەوڵەتێکی گەورە دا داژداری کوردستانەکەی بکات، هەر بۆیە نەتەوەکانی چواردەوری بە درێژایی مێژوو، داگیرکەری چ کورد وەک نەتەوە و چ کوردستان وەک نیشتمانەکەی بوون.

لێرەدا ئەوەی دەمانەوێت ئەماژەی پێ بکەین رۆڵ و کاریگەری عوسمانیەکانە کە ئاماژەمان پێدا بە درێژانیی چەند سەدەیەکیان لە حوکمڕانی باشوری کوردستان و بەشێکی زۆری رۆژهەڵاتی ناوینش وەکو داگیرکەرێک.

**عوسمانیەکان و رێگە:**

عوسمانیەکان لەو سنوورانەی دەستیان پێگەیشت وەک هێزێکی داگیرکەر کۆتاییان هێنا بە هەموو حوکمڕانیە لۆکاڵیە کوردیەکان، لەگەڵ ئەوەش دا بۆ بەرژەوەندی سیاسی، ئەتنیکی، سەربازی و کۆمەڵایەتی، چەندین پلان و بەرنامە و نەخشە رێگیان دارشت، تا بتوانن جڵەوی حوکمڕانی ناوچەکان پاوان بکەن.

ئەوەی لێرە دا بە رژدی دەمانەوێت ئامەژەی پێ بدەین ئەو رێگا سەربازی، بازرگانی و سیاسیە یە کە عوسمانیەکان لە شاری بەغداوە تا ستەنبۆڵ دروستیان کرد و بۆ زەمەنێکی زۆر ئەم رێگایە رایەڵی ناوەند و ناوچەکانی ژێر دەستی عوسمانیەکان بوو لە بەغداوە تا خوارووی چیای حەمرین و لەوێشەوە دەکەوتە ناو خاکی باشوری کوردستان، هەر لە خانەقینەوە تا ئەڵوەن (قەرەتەپە)، خوورماتوو، خوارووی کەرکوک، داکوک، شاری کەرکوک و لەوێشەوە بە کەنارەکانی شارۆچکەی پردێ و تا دەگاتە هەولێر و لەوێشەوە بە نێزیک موسڵ بۆ تەلەعفەر و... تا باشوری رۆژئاوای کوردستان و لەوێشەوە بە ناو رۆژئاوای کوردستان تا باکوری کوردستان بۆ ئیستەنبۆڵ.

لە شاری ئەستەنبوڵ دا تا ئیستاکێ جادەی سەرەکی ئیستەنبۆڵ کە رایەڵ بوو بۆ بەغدا، بە هەمان ناوی (بەغداد جادەسی) واتا جادەی بەغدا هەر وەک خۆی ماوە، هەڵبەت لە ئەنقەرەش هەر وا.

ئەگەر ئێمە لە چەند سەدەی رابردوودا بڕوانینە ژیانبووردەی باشوری کوردستان، دەبینین بە حوکمی ئەوەی تاکی کورد بەشێکی زۆری لە ناوچەی بەرز و چیاییدا وارنیشین بووە، زیاتر خەریکی کشوتوکاڵ و ئاژەڵدار و پەرژانی بەرهەمە خۆماڵیەکان بووە، لە دەڤەرێک بۆ دەڤەرێکیتر یاخود لە شارێک بۆ شارێکتر، ئەگەر بە جوگرافیاش نێزیک بووبن، بەڵام بە مەودا لێک دوور بوونە، لەگەڵ ئەوەش دا وەکو پێشتر باسمان کرد کورد خاوەنی کیانێکی یەکگرتووی نیشتمانی نەبوونە و تا رادەی پێویست تێکەڵی ژیانی شار نەبووە، بەشی هەرە زۆری وارنیشینی گوند بوونە، هەر بۆیە ئەو شارانەی کە هەشبوونە بچوک بوونە و تێکەڵەیەک بوونە لە شار و گوند.

دروست کردنی ئەو ڕێگایەی عوسمانیەکان لە بەغداوە بەرەو ئەستەنبۆڵ وە بە ناو خاکی کوردستاندا... لە ڕووی سەربازی، بازرگانی و سیاسیەوە سودێکی زۆری هەبوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەوەش دا بەشکی زۆری کوردانی ئەو شار و شارۆچکانە یاخود ئەو شوێنەی کە کەوتبوونە سەر ئەو ڕێگایە بە درێژایی چەند سەدە بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەو شار و شارۆچکانەی کە دەکەوتنە سەر ئەو ڕێگایە بۆ بەرژەوەندی مادی و ئەمنی و گوزەرانی ڕۆژانەی ژیانیان، خۆیان لە فەرمانڕەوایانی ناوچەکە نزیک دەکردەووە، بەم شێوەیە بەشێکیان لە دام و سازیەکانی دەوڵەت کاربەدەست و کارمەند بوون، بەشێکیتر لە وارنیشینانی ئەو شوێنیانە ناچار بە سەربازی زۆرەملێ کران بە مەبەستی ڕاپەڕاندن و ئیدارەدانی ئەو شوێنانە، بەشکیان وەکو سەرباز و بەشێکیتریان وەکو مەئمور و فەرمانبەری میری، هەندێکیتریان بە کاری بازرگانی و خوێندن و هتد... کە بە درێژایی چەند سەدەیەک بە هەزاران خێزان بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونە گرێدراوی دەسەڵاتی سەردەست کە عوسمانیەکان بوون.

**کاریگەری شوناس:**

وەک دەزانین لە هەموو وڵاتێکی دونیا پاژێکی زۆر لەو خەڵکانەی کە پیاوی حکومەت و دەسەڵاتی سەردەستن یاخود موچەخۆر و بەرژەوەندبەندی لایەنی حکومڕانی و دەسەڵاتن، لە هەموو ڕوویەکەوە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو حکومەتە چ لە ڕووی شوناس و خۆپیناسەکردنەوە بێت یاخود لە ڕووی فەرهەنگی و ژیانی کۆمەڵایەتی بێت، کە بۆ ماوەی چەند سەدەش بێت بێگومان کاریگەریەک چەند بارە دەبێت، دەکرێت عوسمانیەکان پاژێکی زۆر لەو سەربازانەی کە دەیانناردنە ئەو وڵاتانەی ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیان کە باشوری کوردستانیش یەکێک لەو وڵاتانە بوو، چەند سەربازێکیان لە ماوەی مانەوە و هاوناسی و تێکەڵاوی ئەو ناوچانەی لێبوونە نێزیکاتی و تا ڕادەی ژن و ژنخوازیش ڕوویدابێت و مابێتەنەوە و ئەمە تا ڕادەیەک ئاساییە و لە زۆر شوین ئەم شتە ڕوویان داوە.

هەروەها دەشکرێت چەند سەربازێک کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە کاری سەربازیان لە باشوری کوردستان مابێتنەوە و خێزانەکانیان لەگەڵ خۆیان دا هێنابێت کە ئەمەش بۆ خۆی تاک و تووک و حالەتی دەگمەنی بووە.

وەک ئەوەی دەوترێ چل خێزان لە ئازەربایجانەوە یاخود لە ئاناتۆڵیاوە لەگەڵ هاوسەرە سەربازەکانیان هاتبێتن و لە کوردستان وارنیشین بووبێتن، تا ئەرکی سەربازیان تەواو بووە

یاخود وەک بازرگانێک یان کەسایەتیەکی سیاسی و هتد... مابێتنەوە کە ئەمەش بۆ خۆی تەنها بۆچوون و گۆتەگۆتە نەوەک بەڵگەیەکی سەلمێنراو و بەرجەستە.

لێرەدا دەمانەوێت ئەوە بڵێین، ئەو خەڵکەی وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدا کە گرێدراوی بەرژەوەندبەندی میری و دەسەڵاتی سەردەست بوونە، خۆهەر خەڵکی باشوری کوردستان و کوردی رەسەنی ئەم خاکە و وڵاتی رۆژەن کە کوردستانە، واتا ئەم خێزانانە کە بە درێژایی چەند سەدە دەم بە دەم رێژەشیان لە زیادبوون دا بووە، نە گرێدراوی هیچ نەتەوەیەکیترن و نە هاوردەن، بەڵکو زادەی ئەم گەل و خاکەن کە کورد وەکو گەل و کوردستان وەکو نیشتمان، ماڵی راستەقینەیانە. هەڵبەت بەشیک لە قەبیلە و هۆزی تورکمەنی پێش هەزار ساڵ کۆچیان کردە سەر خاکی کورد و بەشیک لە گەلانی ئەم ناوچەیە، تا حکومەتێکی بچوک و لۆکاڵیشیان پێکهێنا لە شاری موسڵ و وەکو حکومەتی زنەکی و دواتر پشتگیری کران لە سەردەمانی سەرداری کورد سەلاحەدینی ئەیوبیدا بە تایبەتی، ئەمە باسێکیترە و جیایە لەو راستیەی ئێمە دەمانەوێت ئاماژەی پێ بدەین.

**کاریگەری زمانی داگیرکەر:**

ئەو باسانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس دەکرێن هەموویان گرێدراوی یەک مژارن واتا تەواوکەری یەک راستیەکن.
زمان یەکێک لە ئامرازەکانی داگیرکاریە کە رۆڵێیکی مەزن دەبینێت لە تێکدانی شوناس، سروشتی خەڵک، زمانی و فەرهەنگی شوێن و گەلی داگیرکراو. بە تایبەتی تورک گرنگیەکی ئێجگار زۆری داوە بە زمان لە پرۆسەسی داگیرکاریەکانیدا، هەر لە سەرەتاوە کە هاتنە وڵاتی ئاتەرۆپاتیان بە زمانی ئەمرۆ واتا ئازەربایجان، نزیکەی هەزار ساڵێک لەمەوبەر لە هەرێمی و شاری باکو کوردانی ئازەبانی و خەڵکی رەسەنی ئازەربابنجان کە کوردی رەسەن و هاوخوێن کوردن، شەڕێکی سەرخت و قارەمانانەیان کرد تا رێ بگرن لە هاتنی تورانیەکان، بەڵام لە بەر هەر هۆکارێک بێت تورانییەکان توانیان سەرکەون و بێنە ئەم دیوو، یەکێک لە کارە لە پێشینەکانیان ئەوە بوو زمانی ئاسیای ناوین و ئۆرالێنیشینەکانیان سەپانەدە سەر خاک و خەڵکی تازە داگیرکراو کە ئێستا ئازەربایجان بوو، بەداخەوە کە ئێستا ئازەریەکانی رەسەن کورد، خۆیان وەک بەشێک لە تورانی دەبینن، ئەم چەند بنەماڵەی لە باشوری کوردستان کە کورد و منداڵی ئەم خاکەن، ئەوانیش تا ئێستاخۆیان وەک بەشێک لە تورانی دەبینن... لێرەدا گرنگی زمانمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ئاسیملاسیۆن و تواندنەوەدا چ رۆڵێکی کاریگەر و گەرەی هەبووە. ئەم بنەماڵانەی بە ناونیشان تورکمان، بۆ پاراستنی بەرژەونەدی خۆیان جگە

له پێشکەشکردنی خزمەت بە هێزی سەردەست، هەوڵیان داوە بە زمان و شوناسی ئەوانیش بژین، ئەوان بە زمانی حوکمڕان و زمانی سەردەست منداڵەکانیان گەورە کرد و شەرمیان کورد بە زمانی خۆیان کە کوردی بوو لە دەولەتی عوسمانی دا قسە بکەن، هەروەها ئاکار و شەنگستی خۆیانشیان تێکەڵ بە زمان و فەرهەنگ و ژیاری ئەو دەوڵەتە کرد. هەولێرییەک دەگێڕێتەوە کە زمانی کوردی لە چ دۆخێک دا بووە لە زەمەنی داگرکاری عوسمانیدا لە شاری هەولێر لە سەر زاری داپیریەوە کە شایەتحاڵی قۆناغێکی ئەوە زەمەنە بووە و دەڵێت:

*وشەی "کیمدر" ئەو ووشەیەی هەولێری پێ تورککێندرا!*

*ڕەوان شادی داپیرم، کە بنەچەو پشتاو پشتیان خەڵکی قەڵاتی هەولێرینە، خۆشیان بە تورکمانی هەولێرێ دەزانن.*

*کەچی نەنکم لە زاری بابیەوە، بابیشی لەزاری باوانیەوە، چەندین جار هەمان شتی بۆم دەگێرایەوە، دەیگووت:*

*کاتی خۆی کە عوسمانیەکان هاتنە هەولێرێ، زمانی کوردیان مەمنوع کرد، دەیانگۆت ئەوە زمانی کرمانجانە*

*دواتر چەندین مەدرەسەیان دروست کرد، ژن بە جیا و پیاویش بە جیا و بە ئیجباری و زارەکی فێری تورکیان دەکردن.*

*ئیتر عوسمانیەکان مەولود نامەیان بەتورکی دەگۆتەوەو شەوانیش لە چایخانەکان چیرۆک خوانێک بە تورکی حیکایەتی دەگێڕایەوەو جومعانیش مەلایەکی تورک خوتبەی دەدا و لە حەفلەی زەواج ئەگلەنجەی تورکیان دەکرد و شەوانی ڕەمەزانان سینی سینیانێ و گۆرانی و ئەگلەنجە و قەسیدەی تورکیان دەگۆتەوەو ژنانیشیان فێری خواردن و دەستاوی عوسمانیان دەکردن، تا لە بۆنە ئاینی و دەوڵەتیەکان خێرو خواردن و شیرینی دروست بکەن*

*دیاری و ئاوێنەو مور و مەرجان و دەستنووسی قورئانیان لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ ئەو کەسانە دەهێنا کەچوبونە ژێرباریان و گوێڕایەڵ و ئەوانەشی دەبوونە عەسکەری عوسمانیەکان، دەیانگۆ ئەوە دیاری سوڵتانی گەورەمانەبۆ ئێوەی ناردیە، خەڵکەکەش شتی وا جوانیان نەدیبوو واقیان ووڕ دەما...*

*هەتا وای لێهات جەندرمە و حەسحەسەکان شەوان لە قەڵاتێ لە دەرکەیان دەدا، ئەگەر ساحێب ماڵ بیگووتبا (کێ یە) دەست بەجێ دەستیان بەسەر ماڵەکەیان دادەگرت و تورکێکیان دەهێنا*

سەر ماڵەکەی و کوردەکەیان لەپێش دەرکەی ماڵەکەی دەکوشت و منداڵەکانیشیان دەردەکرد، ئەوەشی وەزعەکەی پێ هەزم نەدەکرا، سەری خۆی هەڵدەگرت دەچووە دووری شاری

ئەگەریش ساحێب ماڵ بیگۆتبا (کیمدر) دەیانگووت ئۆهـ ئۆهـ لە خۆمانی دانیشن بەخێر، ئینجا کوردەکان بۆئەوەی ماڵ و موڵکەکەیان لە دەست نەدەن دەرنەکرێن و نەکوژرێن مەجبور بوون بەتورکی قسەی بکەن.

دواتر کاروان سەراو قەیسەریان دروستکرد دووکانەکانیان تەنها بەخەڵکی قەڵاتێ دەدا کە بەتورکی قسەیان دەکرد، مامەڵەو کڕین و فرۆشتنیش دەبوایە بەتورکی بێت،

گەر گوندەواریەک و لادێیەک بەروبومەکەی بهینابا بەکوردی قسەی بکردبا قەشمەریان پێدەکردو بە دەموچاوێکی ناشیرینەوە پێیان دەگووت کرمانج! واتە دۆم و قەرەج و سواڵکەرو زۆڵ و بیژی و دزو جەردەو پیاوکووژ.

چونکە هەندێک لە کوردەکان تا ماوەیەکیش عوسمانیەکانیان قبوڵ نەدەکرد و کەمینیان بۆ دادەنان و لە قافڵەو باروبارگەیان دەدان و لێشیان دەکوشتن، ئیتر دەیانگووت کرمانج بەو مانایەی عوسمانیەکان وێنایان کردبوو.
ئێستاش لە هەولێر بە خەڵکی نەخوێندەوارو لادێیی وکەسێک هی ئەو چەند گەڕەکەی هەولێر نەبن دەڵێن کرمانج.
هەڵبەت ئەمە یەکێک لە هەزاران بەسەرهاتەکانی زەمەنی عوسمانییە لە داگرکاری و شوناس گۆڕینی خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەو شار و مەملەکەتانەی کە داگیریان دەکرد.

هەر لە درێژەی ئەم باسەدا لە یەکێک لە نزیک گوندەکانی هەولێر چەند جەندرمەی عوسمانی دەچنە گوندێک و دوای مانەوە دەپرسن کێ تورکی دەزانێت، کەس تورکی نازانێت، تەنیا ژنێک نەبێت کە ماستفرۆش بووە، ماستی هێناوەتە ناو هەولێر و لە خەڵکی تورکی فێربووی شارەکە هەندێک وشەی تورکی دەزانی. جەندرمەکان دەڵێن مادام ئەم ژنە تورکی دەزانێت، دەبێت هەموو گوندەکە و موڵکی ئەم گوندە لە سەر ئەو ژنە تاپۆ بکرێت، هەڵبەت ئەمە شەڕێکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بوو بەرانبەر بە خەڵکی دەیان کرد تا زمانی تورکی بارز نیشان بدەنە و هانی خەڵکی بدەن فێری ئەو زمانە بین، دوای نارەزایی و مشتومڕێکی زۆر چەندین کەس داوا دەکەن کە لەم گوندە چەندین ماڵی یەتیم و بێ باوک هەن، خەڵکێ هەژار و بێ دەرامەت هەن، ئەوان گوێ بەمە نادەن تا دواجار هەر چۆنێک بێت ڕازی دەبن کە تەنیا نیوەی گوندەکە بە موڵکی گوندەکەشەوە لە سەر ژنەکە تاپۆ بکەن.

ئەم ڕووداوانە کە دڵۆپێکن لە دەریایەک، ئەو ڕاستیەمان پێ دەڵێن، زمانی تورکی هەر وا ئاسان نەبووە زمانی کوردی ئەو گوند و شارانەی زیاتر کەوتبوونە سەر ئەو ڕێگایە. هەمان رەوش پێش ئەوە لە ئاترۆپاتیان یان ئازەربایجانی ئەمرۆش روویدا، ئازەری و بەشێک لە ئازەبانی ی هتد... زمانی خۆیان لەبیر کرد و زمانی سەلجوقی و تورکی بە زۆر داسەپاو بووە زمانی ژیانیان و ئێستاش وەکو بەشێک لە ئاڵتایی خۆیان نیشان دەدەن کە تورکیش بەشێک لەو زمان و زار و قەبیلە ئاڵتاییانەی ئاسیای ناوینە. لە لایەکیتیرەوە ئێستا هەمان رەوش لە باکوری کوردستاندا دەبینین، بە هەموو رێگایەکی وەحشیانە و داسەپینراوانە زمانی کوردیان لە بیر کوردانی باکور بردەوە و زمانی تورکیان کردە بەرگ و پۆشاکی کوردانی باکور تا ئەو ڕادەیەی بەشێک لە کوردانی نەوشەهر، ئەدەنە، سێواز، مەرەش، دیلۆک، مەلەتی، ئەرزنگان، ئەرزەرۆم، ئەردەخان، ئەردەقین، قەرس، خارپەت هتد... خۆیان بە کوردیش نەزانن!... ئێمە لەو دیمەن و هەقیقەتانەوە ئەوەمان بۆ دیار دەبێت کە هەمان رەوشیش لە باشوری کوردستان و بەشێک لە خەڵکی ئەو شار و گوندانەی کوردانی سەر رێگا چۆن ناسنامەی دروستکراوی داگیرکەریان لە خۆیان گرتووە و دژی هەقیقەتی ناسنامەی خۆیان دەوەستنەوە.

**وارنیشینی بەنەماڵە بە ناونیشان تورکمانەکان:**

گەر ئێمە سەیرێکی نەخشەی باشوری کوردستان و عێراقیش بکەین دەبینین کە جگە لەو چەند شارەی باشوری کوردستان کە دەکەونە سەر ئەو رێگەیە، لە هیچ شار و گوندێکیتری هەم باشوری کوردستان و هەم عێراقیش تەنانەت یەک ماڵێکیش نابینیت کەسێک لێ بژیٚ و ناونیشان تورکمان بێت، وەکو وتمان جگە لەو چەند شارانەی دەکەونە سەر ئەو رێگایەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، لە راستیدا ئەو چەند سەدەی رابردوو ئەم چەند شارانەش ئەوەندە بچووک بوونە کە بۆ خۆیان شتێک لە گوند گەورەتر بوونە، وەکو شارەکانی خانەقین، خورماتوو، داکۆک، کەرکوک، هەولێر و لە پارێزگەی موسڵیش تا شارۆچکەی تەلەعفەر و چەند گوندێکی دەوروبەری ئەم بنەماڵە ناونیشان تورکمانانەی لێ دەژین کە رێژەکەیان لە چەند بنەماڵەیەک تێپەڕ ناکات، بەشێکی زۆری وازیان لەو بۆشایی ناسنامەییە هێناوە و گەڕاونەتەوە سەر شوناس و ناسنامە کوردیەکەیان، بەڵام هێشتا هەندێکشیان هەر ماون کە لە سەر هەمان ریتم دەڕۆن. هەڵبەتە لە لایەن کوردی باشوریشەوە ئەمانە وەکو ناونیشان تورکمان و جیا لە خۆیان سەیریان دەکەن و پێناسەیان دەکرێن کە دەبوو پێچەوانەکەی بکرابایە. هەر بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر ئەگەر ئێمە تەماشای نەخشەی ئەو رێگەیەی عوسمانییەکان بکەین لە بەغدا تاوەکو چیای حەمرین کە زیاتر ناوچەی عەرەبنیشینن، یەک

ماڵێک نابینیت وەک ئەوەی دەوترێت ناونیشان تورکمان بن یاخود ئەوانەی وەکو پیاوی تورک و عوسمانی و بەردەستەی ئەوان بوونە، لەو ناوچەیە وجودیان هەبێت. هەڵبەت لە زەمەنێک پێش سەلاهەدین ئەیوبی و تا زەمەنی سەلاحەدینیش هەندێک بەشێک لەو خێڵە تورکانە روویان لە ناوچەکە کرد، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی سەردەم و دەسەڵاتەکاندا، کۆچی ئەوانیش دەستیپێدەکرد و گۆڕانکاری بەسەردا دەهات، ئەمە باسێکی فراوانترە کە لێرە ئامانجی باسەکەمان نییە.

**دوای نەمانی عوسمانیەکان:**

لە دووای هاتنی بەریتانیا و فەنسا و هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپی بۆ ناوچەکە و لاواز بوونی عوسمانییەکان، ئەوە بوو عوسمانییەکان تووشی شکەستێکی زۆر گەورە هاتن و بەشێکی زۆر لەو خاکانەی گەلانیتر کە داگیریان کردبوو، پاشەکشێینا کرد و جێیان هێشت، بە باشوری کوردستانیشەوە. ئەو بنەماڵانەی کە ناونیشان تورکمان بوون هەندێکیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا رۆیشتن بەڵام رێژەیەکی مەیان، ئەوەیتر مانەوە بەهەمان پێناسەی خۆیان،
لە شاری هەولێر بە حوکمی ئەوەی جوگرافیاین هەولێر بەشێکی دەکەوێتە سنوری دەڤەری خۆشناوەتی، پاژێکی زۆر لە خەڵکی کۆنی شارەکەش هەر خۆشناون کە لە هەولێرەوە دەستپێ دەکات تا باکور و رۆژهەڵاتی هەولێر. وەکو دەزانین هەولێری کۆن تەنها قەڵاتێ هەبووە کە دوو بەشی سەرەکی بووە لە سنورێکی دیاریکراودا، ئەم گوندەشارە کە کاروانسەرا و رێگای داگیرکەری عوسمانی بوو بە درێژایی چوار سەدە، تا ئەمڕۆش ئەوانەی خۆیان وەک ناونیشان تورکمان پێناسە دەکەن بە درێژایی ئەو چەند سەدەیە، بەڵێ خۆیان بە هەڵگری ئەو ناونیشانە دادەنێن بەڵام ناونیشانە هۆزگەریەکەیان هێشتا لە دەست نەداوە کە تا ئەمڕۆش دەڵێن ئێمە تورکمانی خۆشناوین. لە شاری کەرکوک و چەند گوندێکی دەوروبەرشی بەهەمان شێوە ئەوانەی ناونیشان تورکمان ناسنامە هۆزگەرییەکەیان هەر ماوە کە دەڵێن ئێمە بە تورکمانی بەرزنجەین یان شێخ بزێنین یان زەنگەنەین هەتا دەڵێن ئێمە جافین و هتد... کە لە راستیدا ئەم هۆزانە یەک لە گەورەترین هۆزەکانی کوردستانی گەورەن و لە کۆنترین و رەسەنترین هۆزەکانی کوردن، هەر وەها لە کەرکوک کۆمەڵێک خانەوادە هەن کە لێرە دا ئاماژە بە چەند خانەوادەیەکیان دەکەین لەو خانەوادانەی رێژەیان هەیە و دیارن، وەک: پۆخچی، قازانچی، ئاوچی، پاشۆڵ، کاکێش، ئەگەر ئێمە سەیر بکەین پیشەکانیان بۆتە ناسناوی خانەوادەییان، هەروەها زۆرینەی ناسناوەکانیشیان هەر کوردیە، ئینجا ئەوەی کاری پاشماوەکاریان کردوە یان قازان و مەنجەڵ پاک کردنەوە بووە یان ئاوهێن بوونە یاخود کاهێن و کاکێش بوونە یان ئەوانەی دانەوێڵیەیان بە پاشۆڵ کۆ کردۆتەوە، هەروەها ئەو چەند بنەماڵەی ناونیشان تورکمان

که دەکەونە ناوچەی گەرمیان خۆیان بە زەنگەنە و بەرزنجە و جاف دەزانن، لێرەدا ئەوەی بۆمان روون دەبێتەوە  کە کورد وەکو رەسەنترین و کۆنترین گەلی ناوچەکە هیچکات نەیتوانیوە نەیتوانیوە لە ژێر سایەی یەک نیشتمان و یەک گەل و یەک فەرهەنگ و یەک پایەی شوناسی کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە بکات و کیانێکی سەرانسەری ئاڤا بکات، هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی شوناسی نەتەوەی و کۆمەڵایەتی خۆی گۆڕیوە، بەڵام شوناسی خێڵ و هۆزی خۆی هەر  هێشتۆتەوە و خۆیان بە پاژێک لەو خێڵ و لەم هۆز بینیوەتەوە و پێناسە کردووە.

**دەستتێوەردانەکانی تورک لە باوشری کوردستان:**

ئەو دەوڵەتەی کە لە سەر پاشماوەی عوسمانییەکان لە ئاناتوڵیا دامەزرا بە لکاندنی خاکی باکوری کوردستان کە گەورەترین پارچەی کوردستانی گەورەیە، خاکی لاز، چەرکەز، یونان و بولگار چەند گەلێکی رەسەنی سەر خاکی خۆیان، لە سەر دەستی موستەفا کەمال. ناونیشان تورکەکان دوای دامەزراندنی کۆمارەکەیان، دەستیان کرد بە کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی گەلانی رەسەنی کە خاکەکەیان بەو دەوڵەتە دروستکراوە نوێیەوە لکینراوبوو، بە زەبری کوشتنی بەکۆمەڵ و ئاگر و ئاسن توانیان بەشێکی زۆری ئەو گەلانە ئەسیملە بکەن و لەناویان ببەن، کوردیش یەک لەو گەلانە بووکە زۆرترین پشکی ئەو ژینۆسایدە و ویرانیەی بەرکەوت و بەسەریداهات، بەڵام کورد تا ئەمڕۆس لەسەر پێی خۆیەتی، سەرباری گەورەتری کارەساتی مرۆڤەیەتی کە بەریانداهێنان لە لایەن ناونیشان تورکەکانەوە، لە چەندین ساڵەی دوای کۆمارەوە دەستیان بە دەستتێوەردانی وڵاتانی چواردەور کرد هەر لە یونان، قوبرس، سوریان، ئەرمەنستان، گورجستان، ئێران و عێراق، لە عێراقیشدا بە تایبەت باشوری کوردستانەکەی، بە مەبەستی پاوانخوازی و داگرکاری زیاتر ئەوەندەی بۆی دەرفەت بێت، لە باشور وەکو کوارتێکی یاری بە هەموو شێوەیەک هەوڵی ئاژاوەگێری و چەواشەکاری دا لەگەڵ ئەو بنەماڵانەی کە لە زەمەنی عوسمانیەکانیەوە ببونە خزمەتکاری عوسمانیەکان لە باشوری کوردستان، لە راستی دا بۆ مەرامەکانی ناونیشان تورک ئەمە کارتێکی خەراب نەبوو، بە تایبەتی دوای ئازادی پاژێک لە باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ەوە دەوڵەتی بەناو تورکیا بە هەموو شێوەیەک بەرنامە و پلانە گڵاو و دژە یاسا نێوەدەوڵەتییەکانی باکارهێنا، وەکو یەکەم هەناگو لە دەستپێکی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، باشوری کوردستان لە رەوشێکی تەنگی ئابووری و سیاسی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دابوو، تورکیا ئەمەی بە دەرفەتێکی زێڕین زانی و بە بە پیدانی چەند کیلۆ شەکر، روون، برنج و شیری منداڵان بە خەڵکی سادە و تەنەگەرەوش، مەرجی ئەوەی دانابوو کە دەبێت بڵێی من تورکمان و ناو و واژۆی خۆت بکەی ئینجا دەتدەینێ... خەڵکێکی زۆر لە بەر تەنەگەرەوشی و لە راستیدا لەبەر کەم هۆشیاریان

چوون و ئەم چەند کیلۆ ئەرزاقەیان وەرگرت، تورکیا هەر زوو لیستی ئەم کوردە برسیەی ئەو سەردەمەی بردە بەشێکی زۆر لە ناوەندە جیهانیەکان و کردیە هەڵایەکی گەورە کە گوایە ئەوەندە سەدان هەزار کەس، لە راستی دا ئەو باسی بە ملیۆنی دەکرد تورکمان هەن لە باکوری عێراق و ئێمە داوای مافەکانیان دەکەین.. دواتر تورکیا حزبێکی دامەزراند لە باشوری کوردستان بە ناوی (بەرەی تورکمانی) کە پارتێکی کارتۆنی دەستەمۆی تورکیان بوو، ئامانجی سەرەکیان راپەڕاندنی بەرنامەکانی تورکیا و دژایەتی کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک نیشتمان بوو، بە کۆمەڵێک بەرنامەی چڕ و پەروەردەی ناسیۆنالیزمی تورکی کە بەشێکیان لە کوردە ناونیشان تورکمانانە جەزب کرد و پارەیەکی زۆرشیان بۆیان هەڵرژاند بۆ وەگەڕخستنی زیاتر و باشتری بەرنامە چەپەڵەکانیان، تا ئەمڕۆش ئەم پارتەی تورکیا لێرە هەر ماوە و وجودیان هەیە بە هەمان رەوت و بەرنامەی کە بۆی دامەزران.

**تورکمانستان و ناونیشان تورکمانەکانی باشوری کوردستان:**

تورکمان، کازاخ، تەتەر و تورک، مۆنگۆل، ئوزباک، قیرغیز و هتد... ئەمانە چەند قەبیلە و شێوە نەتەوەیەکی ئاسیای ناوینن کە هەموویان یەک رەچەڵەک و ریشەی زمانی و خوێین، تەتەر و تورک کەمتر لە هەزار ساڵێک پێش ئێستا هێرشیان هێنایە ئەم ناوچەیە و وڵاتی کوردانیش وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لە ئاتەرۆپاتیان و ئازەربایجانی ئەمڕۆوە هاتن و توانیان خاکی زۆر گەلانی رەسەنی ناوچەکە داگیر بکەن، بەڵام زۆر شتیشیان لە دەست دا وەکو: کەلتوریان، بەشێک لە زمانەکەیان و رەگەزیان، چونکە کەسایێک تەتەر و تورک بن، دەبێت رووخساریان وەکو مۆنگۆلی، کازاخی و نێزیک لە چینی، کۆری و ژاپۆنی بێت، وەک دەبینین لە ئاناتۆڵیادا تاک و توک لیرە و لەوێ کەسانیک هەن و ماون کە کەمێک لەو رووخسارەیان پێوە دیارە، ئەوەیتر هەموو گەلانی کورد، یونان، بولگار، لاز، چەرکەز و خەڵکیترن کە وەکو تورک خۆیان پێناسە دەکەن، هەڵبەتە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکاری سەدان ساڵەی تەتەر و تورک لە ئاناتۆڵیادا، وەکو چۆن خاکی خەڵکیان داگیرکرد، فەرهەنگ و موزیک و تایبەتمەندیەکانی ئەو گەلانەشیان داگیر کرد کە کەوتە ژێر فەرمانڕەواییان، ئەمەی ئێستا لە ئاناتۆڵیا هەیە نە وەک خەڵکەکەی تورکن و نە هیچ پەیوەندیەکنیان بە تورکەوە هەیە، ئەوەی هەیە پێکهاتەیەکی تێکەڵ و ئاڵۆزە کە هیچ رەسەنی و تایبەتمەندیەکی نییە، خەڵکانی موو زەرد و سپیرەنگی ئاناتۆڵیا هەموو یونانی و بلگارین، پاژێکی زۆر لە موو رەش، گەنمی و ئەسمەراکنییش کورد، لاز و هەندێکشاین ئەرمەن و عەرەبن. لێرەدا ئەوەی ئامانجی ئەم لێکۆڵیەوەیە ئەوەیە کە ئەم چەند بنەماڵەی ناونیشان تورکمانی باشوری کوردستان هیچ پەیوەندیەکیان بە ترکمانی ترکمانستانەوە نیە، چونکە وەکو باسمان کرد، گەلانی

تورکمانستان لە خاک، خوێن، رووخسار و هەموو شتێکیان وەکو رەش و سپی یان سارد و گەرم لێک جیاواز و دوورن، ئەوەی تورکمان بێت دەبێت هەمان پێکهاتەی فیزیکی تورکمانی تورکمانستانی هەبیت لە رووخسار و ئاکار و هتد.. نەوەک بە هەموو شت کوردی بن و لە هۆز و خێڵی خۆشناو و بەرزنجە و زەنگەنە و جاف هتد.. بن و لە کوردستان بن و وەکو پێناسەش تورکمان بن، هەڵبەتە ئەمە لە رووی زانست و لۆژیکەوەش نازانستی و نالۆژیکیشە. بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی ئەم چەند دیمەنە دەبینین کە تورک و  تورکمانی رەسەن.



وێنەی خێزانێکی تورکمانی ڕەسەن لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٠

هەر وەک لە وێنەکەدا دیارە وێنەی خێزانێکی تورکمانێک لە ساڵانی ١٩١٠



وێنەی کچە تورکمانێکی ڕەسەن، وەک دیارە لە ڕوویی شێوە و
ڕووخسارییەوە، لەگەڵ مۆنگۆلی و کۆری و چینی: هاو شێوەن.

لێرەدا وێنەی کچێکی تورکمانی دەبینین کە تەو لە مۆنگۆلی و کازاخی دەچێت



ئەمەی لەم وێنەیەدا دەردەکەون خێزانێکی بە ئەسڵ تورکن کە ئێستا کەوتونەتە وڵاتی چین

ئێمە پێمان وایە دوای ئەم راستیانەوە بە تایبەت نەوەی تازەی ئەو بنەماڵانەی ناونیشان تورکمان، لە فەزای ئەم بۆشایی بێ ناسنامەییەدا نایانەوێت بمێننەوە و ناسنامەی هەقیقی خۆیان دەوێتەوە کە کورد وەکو گەل و کوردستان وەکو نیشتمانەکەیانە.

لێرە دا بە کورتبڕی ئاماژە کراوەتە سەر ئەم لێکۆڵینەوە و مژارە رژد و جدییە، هیوادارم کاری هەمەلایەنە و زیاتری لە سەر بکرێت و راستیە شاراوەکان هەڵدرێنەوە و زۆر سەربەند هەیە کورد دەبێت بیانکاتەوە و ئاگای لە رەوتی شارستانی و رێرەوی سەردەم بێت، لە چوارچێوەیەکی ورد و چڕ و ژیرانە دا بە رەنگێکی نوێ پێناسەی گەل و خاکەکەی باکاتەوە.

**تێز و لێکۆڵینەوە و نوسینی: قەندیل شێخبزێنی.**

تێبینی: ئەم بابەتە پوختەی کتێبێکە بە ناوی "کوردانی سەر رێگا" ئەم تێزە هێشتا لە نوسینەوە و لێکۆڵینەوە دایە، ئەمە بەشێکی تێز و کتێبەکەیە و بەشێکە لە زانیاریەکانی بابەتەکە